# دادگای تایبەتی ئێراق و دۆزی ئەنفال

**شاخەوان شۆڕش**
15.8.2006

بڕیاروایە لە 21 ی ئۆگستدا دادگایی سەدام حوسێن، عەلی کیمیاوی و هەندێ لە هاوکارانیان لەسەر گەلکوژی ئەنفال دەستی پێ بکرێت. دیارە من پێشتر لەسەر ئەو دادگایەم نوسیووە[1]، بەڵام لەم بۆنەیەشدا بە پێویستی دەزانم بەچاوی ڕەخنە سەیرێکی ئەو دادگا عارەبی و ئێراقییە بکەم و هەندێ لایەنی نەگەتیڤی بخەمەڕوو.

ئەو ترێبیونالە واتە دادگایە تایبەتە، دادگایەکی ئێراقیە، بە زمانی عارەبی بەڕێوە دەچێت، زۆرینەی دادوەرەکانیش عارەبن. دادگاکە جگەلە دەستەی داواکاری و بەڕێوەبردن سێ بەشی سەرەکی دەگرێتەخۆی: دەستەی باڵا، دەستەی دادگاییکردن، دەستەی لێکۆڵینەوە و لێپێچانەوە. ئەندامانی دەستەی دادگاییکردن بۆیان نییە ئەندامی دەستەی دوو بەشەکەی دیکە بن. سەرۆکی دەستەی باڵا سەرۆکی گشتی تریبونالەکەیە. سەرۆکی ترێبیونال سەرۆکی گشتی دادگایە و دەسەڵاتی باڵای بەدەستە. دادگاکە بۆ هەر کەیسێک دەستەیەکی پێنج کەسی لە دادوەران هەڵدەبژێرێت، یەکێک وەکو سەرۆک و ئەوانی دیکە وەکو یارمەتیدەر و هاوکار دادگاییەکە بەڕێوە دەبەن. واتە هەر کەیسێک پێنج دادوەری تایبەت بەخۆی دەبێت.
دادگاکە لەژێر کاریگەری دەسەڵاتی هاوپەیمانان بە سەرکردایەتی ئەمەریکا، هەروەها دەسەڵاتی ئێستای ئیراق دایە. دادگاییکردنەکان کراوە نین، هەموو مشتومڕ و دەمەتەقێکانی کۆبوونەوەکانی دادگا بە خەڵک پیشان نادرێن، تەنها ئەوە بە خەڵک پیشان دەدرێت کە دەسەڵاتداران گەرەکیانە یا ڕێگای پێدەدەن.

دادگاکە نەتەوەی کورد وەکو بەشیک لە گەلی ئێراق سەیر دەکات، لەتەک گروپە نەتەوەیی و ئەتنیەکانی وەکو عارەب و تورکمان یا شیعە و سوننە دایان دەنێت و هەموویان وەکو ئێراقی سەیر دەکات. لەو ڕوانگەیەوە تاوانباران کەسانێکی ئێراقین و تاوانکاریان بەرامبەر بە گروپ و کەسانێکی ئێراقی کردووە[2].
ئەوەش لەخۆڕا نییە، بەهۆی هەوڵی زلهێزەکان، عارەبی ئێراق و ڕەوتی ئێراقیچیانە و عارەبدۆستانەی هەردوو پارتی دەسەڵاتداری باشوری کوردستان یەکیتی و پارتی، کێشەی کورد بەئێراقی کراوە، بەمجۆرە لە سنوری ستاتی ئێراقدا هێشتراوەتەوە، ناوخۆیی کراوە و چارەی هەر کێشەیەکیش کە پەیوەندی بەکوردەوە لە ئێراقدا هەبێت، وەکو کێشەی خەڵکی ئێراق یا کێشەیەکی ئێراقی سەیری دەکرێت.

دیارە هێرشە سەربازیەکانی شاڵاوی ئەنفال، پلان بۆداندراو و سیستەماتیکی بوو و بەپێی بڕیارەکانی خودی ڕژێمی پێشووی ڕوخێندراوی بەعسی ئێراق، مەبەست لەناوبردنی بەشێکی دیاریکراوی کورد لە چەندین ناوچەدا (کە بە ناوچە قەدەغەکراوەکان ناوزەد کرابوون) بووە. گۆڕی بەکۆمەلی ژن و منداڵ، بەهەزاران دیتەری ڕزگاربووی زیندانەکانی عەرعەر، بەسیە، نوگرەسەلمان، دوبز، تۆبزاوە و نیزارکێ، هەروەها چەند دیتەرێکی کەمی رزگاربووی کوشتنە بەکۆمەڵەکان، کە سەرسوڕهێنەرانە لە کوشتن ڕزگاریان بووە و ئێستا چۆنیەتی گوللەبارانکردنی بەکۆمەڵی کوردانمان بۆ دەگێڕنەوە، لەگەڵ بە سەدان و هەزاران بەڵگەنامە کە پیشانی بڕیارە نهێنیەکانی ڕژێمی ئێراق لە جێبەجێکردنی کاری ژینۆسایدکارانەدا بەشێوەی جیا جیا دەدەن، هەموو ئەوانە هێما بۆ تاوانی گەلکوژی دژی نەتەوەی کورد لە باشوری کوردستاندا بەڕاکشاوی دەکەن.

دادگای تایبەتی ئێراقی، سەبارەت بە بوونی تاوانی گەلکوژی یا نا، بەر لەهەموو شتێک مەنتالێکی عارەبیانە بەسەریدا زاڵە، بۆیە لەو بارەدا دەکرێ تووشی کێشە ببێت و بیەوێ لاملی پیشان بدات. بەڵام بەهۆی ئەوەی کێشەی کورد کراوەتە کێشەیەک لە کێشەکانی ناو ئێراق و کوردەکان وەکو ئێراقی سەیر دەکرێن، لەو بارەدا دادوەری عارەب لە دەربازبوونی لە دیلامای بوونی کورد وەکو ناسیۆنێکی جودای خاک داگیرکراو، یارمەتی گرنگی دراوە. بەو پێیە، ئەگەر نەتوانن

خۆیان لە بوونی تاوانی ژینۆساید دەرباز بکەن و بە ناچاری ئەوە بسەلمێنن، ئەوە لەو بارەدا ژینۆسایدەکە بەرامبەر بەکەمینەیەکی نەتەوەیی یا گروپێکی ئێتنی ئێراقی دەناسێنن، کە لەلایەن دەسەلاتی پێشووی بەعسەوە لەلایەن چەند کەسانێکی سەرکردایەتی پارتی بەعس ئەنجام دراوە. ئەوان هەوڵ دەدەن تاوانی ژینۆسایدەکە بخەنە سەر چەند کەسانێک یا سەرکردایەتی پارتی بەعس، بەئەگەری زۆر نەک ستاتی ئێراق. قوربانیانی کوردیش وەکو خەڵکێکی ئێراقی لەبەر جودایی ڕەگەز بەکۆمەڵ کوژراون. گوتنی ئەوە بەجۆرێکی دی سەدام و دارودەستەکەی وەکو ڕژێمی داگیرکەری کوردستان تاوانبار ناکرێن، هەروەها کوردیش وەکو نەتەوەیەکی ژێردەستەی جودای خاک داگیرکراو سەیر ناکرێت. ئەوە ئەگەر کوردستانیانە سەیری دۆزەکە بکەین.

دیارە بەرگریکەرانی سەدام و هاوکارانی، بەهەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەن هێرشەکانی ئەنفال بە جەنگی ئێراق–ئێران ببەستنەوە و ئاماژە بە بوونی بەشداری پێشمەرگە کوردەکان لەو جەنگەدا بکەن، بەمشێوەیە هێرشەکانی ئەنفال بخەنەژێر بانگاشەی بەرگری لە بەرژەوەندی ناسیونالانە و ئاسایشی ستاتی ئێراق. ئەوە جگەلەوەی ئەوان هەوڵ دەدەن ئەوە بسەلمێنن، کە هێرشەکان لە دژی چەند گروپێکی ڕامیاری دژ بە ستات کراوە و ئەوان لە قوربانیە سڤیلەکان تاوانبار نین. دیارە کوشتنی بەکۆمەڵی گروپی ڕامیاری ناچێتەخانەی ژینۆساید بەپێی ڕێکەوتننامەی ژینۆسایدی نەتەوەیەکگرتووەکان، هەروەکو دادگای تایبەتی ئێراقی پەیڕەوی دەکات.
ڕژێمی بەعسی ئێراقی کاتێ بڕیاری لەناوبردنی دانیشتوانانی بەسەدان گوندی ناوچە قەدەغەکراوەکانی داوە، ئەوانەی وەکو یاخی، خۆفرۆش و داردەستی دوژمن ناوزەد کردووە. واتە ئەوان ئاگاداری یاساکانی تاوانی گەلکوژی بووین، زانیویانە چۆن دەکرێ یاساییانە کوشتنی ئەو خەڵکە لەژێر ناوی بەرگری لە ئاسایشی نەتەوەیی ڕەوا بکەن و خۆیان لە تۆمەتی گەلکوژی لە دواڕۆژدا دەرباز بکەن. دەکرێ ئەو جۆرە ئاماژە پێکردنە کە لە بڕیارەکانی بەعسدا هاتوون، هەروەها بوونی بەشداری هێزەکانی پێشمەرگە لە جەنگی ئێران–ئێراقدا و هاوکاریان لەگەڵ سوپای ئێراندا، کێشە بۆ داواکارانی کورد سەبارەت بە بوونی تاوانی گەلکوژی، دروست بکەن.

وەکو گوترا دادگا تایبەتەکە بە زمانی عارەبی بەڕێوە دەچێت، زمانی عارەبی زمانی نەتەوەی عارەبی گەلکوژە، ئەو سەدان و هەزاران ئەفسەرە عارەبە ئێراقیانەی سەرپەرشتی گەلکوژیەکەی ئەنفالیان کرد و ئەرکە گەلکوژیانەکەیان لە قۆناغ و ئاستی جیاجیادا جێبەجێی کرد، عارەب بوون و بە زمانی عارەبی فەرمانی بەکۆمەڵ گوللەبارانکردن و کوشتن، زنیدەباچاڵکردن، کۆیلەکردن، زیندانیکردن، هەتککردن، دەستدرێژی و تێهەڵدان هتد. قوربانیە کوردەکانیان دا. ئەو زمانە گەلکوژە دیسان بەسەر کوردا زاڵە و قوربانیە ڕزگار بووەکان ئەوانەی دیتەرن و دەبێ لە دادگا عارەبی و ئێراقیەکەدا کارەساتەکانیان بگێڕنەوە، دەبێ بێن و گوێبیستی ئەو زمانە سامناک و ترسناکە ببنەوە. سەرۆکی دادوەر عارەبە و بە عارەبی فەرمانیان پێدەکات بدوێن، بوەستن، ڕوونکردنەوە بدەن هتد. بوونی ئەو زمانە چەوسێنەر و ترسناکە لەسەر قوربانیان دەکرێ کارتێکردنی دەرونی خراپی لەسەر گێڕانەوەی دیتەرە ڕزگاربووەکان لە دادگادا ببێت.

دادگای ئێراقی بۆی نییە کەسانی نائێراقی بداتە دادگا، تەنها ئێراقیەکان دادگایی دەکات، لەو بارەدا ئەوانەی کە ئێراقی نین و کە بە شێوەیەک لە شێوەکان بەشداریان لە گەلکوژی ئەنفال کردووە، نادرێنە دادگا. بۆنمونە گەر دادگای هۆڵاندی تاوانبار (فرانس ڤان ئانرات) ی ڕانەکێشابایە دادگا، ئەوە دادگای تایبەتی ئێراق کاری پێیەوە نەبوو. ئەوە جگەلەوەی کۆمپانیا عارەبی و جیهانیەکان، ستاتە عارەبی و ڕۆژهەلاتی و ڕۆژئاواییەکان کە لە کارەساتی ئەنفالدا دەکرێ پشکیان هەبێ یا پشکیان هەیە، نادرێنە دادگا و ناویان ناهێندرێت. بەمجۆرە گەلێ ڕاستی سەبارەت بە کارەساتی ئەنفال تەواو ئاشکرا نابن، یا هەر ئاشکرا نابن و دەشاردرێنەوە. گومان لەوەدا نییە، دەسەلاتی ئێراق خۆی و بەتوانای خۆی ژاری کیمیاوی، چەکی کیمیاوی، چەکی بایەلۆژی و کۆمەڵکوژی بەرهەم نەهێنا. ئێراق بەبێ هاوکاری دەوەرە، هەرگیز توانای وەبەرهێنانی ئەو جۆرە ژار و چەکانەی نەبوو. ئەوە لە دادگاییەکەی فرانس ڤان ئانرات لایەنێکی بچوکی ئاشکرا کرا. بەلام وەکو گوترا دادگای ئێراقی بۆ ئەوە دانەدراوە ئەو ڕاستیانە ئاشکرا بکات.

دیارە سەرۆکی دەستەی دادگاییکردنەکە عارەبە و تائێستا ناوی ئاشکرا نەکراوە. هەرچۆنی بێت ئەو دادوەرە بەئەگەری زۆر وەکو عارەبێکی ئێراقی بیردەکاتەوە، خاوەنی مەنتال و کەلتورێکی عارەبیە. ئەو بەپێی یاسا و پەیڕەوی دادگا هەڵسوکەوت دەکات، بەلام گومان زۆر لەوەدا هەیە، بتوانێ خۆی لە باکگراوندە عارەبیەکەی خۆی دەرباز بکات. دیارە دادگاکە بۆ کەیسی دوجەیل دادوەری کوردی (رزگار ئەمین و پاشان ڕەوف عەبدولڕەحمانی) بۆ سەرپەرشتی دەستەی

دادگاییکردنەکە دانا، کاتێ کەیسەکە پەیوەندی بە عارەبانەوە هەبوو، ئێستاش دادوەرێکی عارەب بۆ کەیسی ئەنفال دادەنێت، کە کەیسەکە پەیوەندی بە کوردانەوە هەیە. واپێدەچی بۆ هەر کەیسێک دادگا کەسانێک دەستنیشان دەکات کە سەربە گروپی قوربانی نین. دەیەوێ کێشەی بێلایەنی دادگا بەرامبەر بە دۆزە جیاجیاکان بەو شێوەیە چارە بکات. بەڵام گومانی زۆر لەوەدا هەیە دادگا بتوانێ بەم کارەی بێلایەنی خۆی بسەلمێنێت، چونکە وەکو ڕوونە گروپە ناسیونال و ئاینیەکانی ناو ئێراق کێشەیان لە کۆنەوە لەگەڵ یەکتر هەبووە و هەڵوێستیان لەسەر یەکتر هەیە. لەباری ئێستای ئێراقدا کوشتاری بێویژدادنانەی ڕۆژانە بەچڕی لە نێوان بەتایبەتی شیعە و سوننە، عارەب بەگشتی و کورد لە ئارادایە. کەسی دادوەر ئەندامی یەکێ لەو کۆمەڵگانەیە و لە دید و لێکدانەوەی کۆمەڵگەکەی بێبەری نییە.  ئەگەر بزانین دادوەر و یاساناسەکانی وڵاتێکی وەکو ئێراق، هەمیشە لەژێر کاریگەری ڕەوتی ڕامیاری کۆمەڵگەکەیاندان، کەسایەتی هێندە پێگەیشتوو نین کە بتوانن خۆیان لە ڕەوتی ڕامیاری دەوروبەریان بترازێنن و بێلایەنانە پەیڕەوی کارەکانیان بکەن. هەروەها ئەگەر بزانین کە ئەو یاساناسانە تەواو ئازاد نین و دەبێ کۆمەڵی لێکدانەوە بۆ بڕیارەکانیان بکەن، ئەوە گومانی گونجاوی ئەو دادوەرانە زۆر زیاتر دەبن. جگەلەوەی دادوەر و یاساناسانی ئێراق و ناوچەکە بەگشتی گومان لە توانا و زانیاریان دەکرێت، هەروەها ئەزمونیان لە جۆرە دادگایەکی ئەوها یا زۆرکەمە یا هەر نییە.

بەئەگەری زۆر دادگای تایبەتی ئێراق لەڕوانگەی بانگاشەی "یەکسانی هەموو گروپە ئێراقیەکان لەناو ئێراقی دوای سەدام" دا هەنگاو دەهاوێت و ئەوەی داوا لێدەکرێت. دەیەوێ ئەنجامێکی ڕووالەتیی ڕووە ڕامیاریەکەی ئامانجی پرۆسەی بەناو "دیموکراتیزەکردنی" ئەمەریکا لە ئێراقدا بە خەڵکی ناوەوە و دەرەوە پیشان بدات، ئەگەرچی ئەو دادگایە لەڕاستیدا لە زۆر لایەنەوە بێخەوش نییە. دیارە ئەگەر لە ڕووانگەیەکی کوردستانیانەوە سەیری دادگاکە بکەین، ئەوە دادگایەکە لە ئاستی داخوازیەکانی ناسیۆنی کوردا نییە، نەک هەر ئەوە بەڵکو زۆر ناڕەوایە، چونکە عارەب و ئێراق بە هیچ جۆرێک مافی ئەوەیان نەبوو ببنە دادوەری گەلکوژیەک کە نەتەوەکەی خۆیان ئەنجامیان داوە.

---

[1]بۆ خوێندنەوەی نامیلکەی "دادگای تایبەتی ئێراق: دادگایی سەدام و تاوانباران، کۆمەڵێ ڕەخنە و پرسیار" کلیلکی سەر ئەو ناونیشانە بکە: http://www.kadirshorsh.com/Dadgayikirdni%20Sadam%201.7.2004.pdf

[2]سەیری ئەرتیکلی 1، 2، 3 و 4ی یاسا و پەیڕەوی دادگای تایبەتی ئێراق بکە. سەیری تەواوی یاسا و پەیڕەوی دادگاکە بە ئینگلیزی بکە: http://www.cpa-iraq.org/human_rights/Statute.htm